# بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی نیشتمانی دیمکراتی کوردستان، هەوڵیکی تر لەراستای هەڵخەڵەتاندن و کۆیلەکردنی ژنانی کوردستان

**سەوسەن سەلیم**
Sawsan.s@ukonline.co.uk

بۆ جارێکی تر و لەژێر ناوی "لیستی هاوبەش نیشتمانی دیمکراتی کوردستان" دا یەکیتی نیشتمانیو پارتی دیمکراتی کوردستان و چەند لایەنیکی ئیسلامیو "شیوعی" و "سوسیالیست" ونوینەرانی چەند عەشیرەتیك، بەرنامەیەکی هەلبژاردنیان، بەمەستی راکیشانی دەنگەکانی خەلکی کوردستان راگەیاندووە. بەلام ئەوەی لەناوەرۆکی ئەم بەنامەیەدا بەرجەستەیە، ئالتەرناتیڤیکی کۆنەپەرستانەی قەومی وئیسلامیی‌یە، کەتەواو پیچەوانەیە لەگەل ئازادی و سکولاریزم وداهاتوویەکی ئینسانی وخۆشگوزەرانیدا، کەخەلکی کوردستان ئاواتیانەبووی. من لیرەدا نامەوی بۆسەلماندنی ئەم حوکمە بەتەواوی بەندەکاندا گوزەربکەم و سەرنجیان لەسەر بدەم، بەلکو ئەوەی مەبەستی منە ریسواکردنی ناوەرۆکی ئەو بەرنامە هاوبەشەی لیستی نیشتمانی ودیموکراتی‌یە کە هەردو حیزبی دەسەلاتدار لەهەلبژاردنەکاندا بۆژنان خستویانەتەروو، واتە من دەمەوی ئەو بەرنامەیە لەروانگەی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنانەوە سەرنجبدەم، بەتایبەتی لەوبەندانەدا کەبەلین بەژنان دەدەن. بەلام سەرەتا خستنەرووی ئەوپرسیارە پویستە کەدەپرسیت:

## کین ئەوانەی بەلین بەژنان دەدەن؟

کارنامە و میژووی چەندسالەی دەسەلاتی یەکیتی وپارتی وحیزبە هاوپەیمانەکانیان لەبەرامبەر ژناندا ، بەرۆشنی ئەوەی نیشانیانداوە، کەپیاوسالاری و نەبوونی ماف وئازادیە شەخصی ومەدەنی‌یەکانی ژنان یەك واقعیەتی هەمەگیرو رۆژانەیە. لەژێر سایەی هەرئەم حیزبانەدایە یاساکانی ئەحوالی شەخصی رژیمی بەعس پراوپر پراکتیزەکرا، تەنانەت مادەی 111 کەمافی کوشتنی ژنان ئەدات لەهەربەشێکی تری عیراق توند تر کاری پێکرا، تەقاندنەوەی صالۆنی قژبرین ورەشەکوژی ژنان وئەتککردنیان بووە مۆدیکی نیوکۆمەلگا و قوربانی ئەم وەزعەش بەزیاترلە 9000 ژنگەیشتووە. بەهۆی نەبوونی ماف وئازادی‌یە کانی ژنان وکچانی لاوەوە تائیستا هەزارن ژن خۆیان سوتاندووە ودەستیان بردووە بۆریگاکانی خۆکوژی. حیجابی بەزۆری ژنان و مندالان لەلایەن دەستەو تاقمە ئیسلامیەکانەوەو بووژانەوەی هەموو داب ونەریتیکی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستی ئیسلامی. هاندانی پیاوسالاری و پیرۆز پیناسەکردنی ئاینی ئیسلام وشەریعەتی ئیسلامی لەدەزگاکانی راگەیاندن و بریارە حکومەتی‌یەکانیانەوە. ئەمانەش وەك بەرهەمیك لەهەولدان بۆئیسلامیکردنی فەزای کۆمەلگا وبەم هۆیەشەوە تەسکردنەوەی فەزای سکولاریزم وئازادی‌یەکانی نیوکۆمەلگا لەبەردەم ژناندا. ئەمانەو جگەلەداسەپاندنی ریژەی بیکاری و هەژاری بەسەر ژنانداو وەلامنەدانەوە بەهەرجۆرە خزمەتگوزاری‌یەکی ژیانی ژنانی دایك ومنالەبەر...ئەم حیزبانەی لیستی هاوبەش هەرئەوانەن کەلەماوەی 13 سال دەسەلاتیاندا لەکوردستاندا، هیچ کاتیك حسابیان بۆرای ژنان نەکردووە، سەرەرای لەئارادابوونی چەندین ریکخراوەی ژنان ئەوان لەسیاسەتی کۆنەبەرستانەو پیاوسالاری خۆیان نەهاتونەتە خوارەوە و تەنانەت بەقسەی ژنانی نیو ریکخراوەکانی سەربەخۆشیان نەکردووە. لەوەش زیاتر لەهەر شوینیك نوزەیەکی یەکسانی خوازی ژنان سەری هەلدابی ئەوان پەلاماریانداوە و سەرکوتیان کردووە، پەلاماری بارەگای ریکخراوی

سەربەخۆی ئافرەتان و بلاوکراوەی یەکسانی لەلایەن یەکیتی و پارتییەوە، لەشارەکانی هەولیروسلیمانی نمونەیەکی هەرگیز لەبیرنەچووەوەی کۆمەلگای کوردستانە... بەمجۆرە ئەوانەی بەلینیان بەژنان داوە تالەهەلبژاردنەکانی 1/31 دەنگی ژنان بەرن بۆخۆیان، ئەو حیزب و لایەنە کۆنەپەرست وتاسەر ئیسقان دژە ژنانەن کە میژوویەکی تال وپرتراژیدیایان لەبەرامبەر ژنانی کوردستاندا بەریوەبردووە. هەربۆیە بەلینیك کەئەوان دەیدەن بەژنان ناتوانی لەم میژووە بەدەربیت. بەلکو ئەوەی مەبەستیانە بردنە پیشەوەی سیناریۆیەکی فریوکارانەیە لەبەرامبەر ژنان وسەرجەم خەلکی کوردستاندا. ئەوەی راستی‌یە ئەوەیە کەئەوان بەخەمی ژنانەوەن تادەنگیان بدزن بۆ مەرامی دەسەلاتی پیاوسالارانەو ئیسلامی‌یان ودواتریش هیندەی تر ژنان کۆیلەبکەن.
بەلام بۆئەوەی ئەم راستی‌یە زیاتر دەرکەوی و هیچ درویەکی لایەنەکانی نیو لیستی هاوبەش وبەرنامەکەیان نەمنیتەوە کە پەردەی راستی لەسەر هەلنەدرابی باشترە بۆخودی ئەوبەندە بروانین کە هاتووە.

## یەک بەندی نامۆ لەبەرنامەیەکی 30 خالیدا!

## ئایا ژنانی کوردستان دەتوانن بچوکترین ماف لەبەرنامەی لیستی هاوبەشدا ببینن؟

بەرنامەی لیستی هاوبەشەکەی یەکیتی وپارتی لەکۆدا لە30 بەند پیکهاتووە، و لەتەواوی ئەوبەندانەش تەنها یەك بەند تایبەتکراوە بەژنانی کوردستان وئەویش دەلیت: " بەندی 23/ بەرزکردنەوەی ریژەی بەشداری‌کردنی ئافرەتان لەهەموو بووارەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی وکلتووری‌و... تاد، هەروەها هەولدان بۆکاراترکردن وئاسوودەکردنی رۆلی دایکانەی ژنانی کوردستان"
بالەوە بگەرینن کە بەکارهینانی ووشەکانی "ئافرەتان" و"ژنانی کوردستان" لەوبەندەدا ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی ژنانی کوردستان بەسەر سیاسەتی "فیفتی فیفی" هەردوو ریکخراوە کانی ژنان و ئافرەتانی کوردستانی سەر بەیەکیتی وپارتی ولەمەشدا گەمەی ئەحزابی دەسەلاتدار وبەرجەستەکردنەوەی ناکوکی ریکخراوەکانی ژنان ئامادەیە. بەلام یەکەمین تیرامان لەسەر تەنها بەندیك لەنیو 30 بەندی‌تردا ئەوە بەبیردا دینیت، کەژنان کەمبایەختن، لەبەرنامەی لیستی هاوبەشدا، لەچاو کیشەی سنور، خاك، فیدارلیزم، پیکهاتە ئاینی وکلتوری‌یەکان و... کەدیارە ئەمەش بی هۆنی‌یە، ناسیونالیزمی کورد کە لەبنەرەتەوە بزوتنەوەیەکی شوفینیزمی پیاوانەیە لەبەرامبەر ژناندا و هەمیشە ئینسانی ژنی کردۆتە پاشکۆی "موقەدەساتی دینی ونەتەوەیی"هەر دەتوانی ئەمەبیت، تەنانەت خودی ئیدخالی بەندیکیش لەسەر ژنان بەو هۆیەویەیە کەبزوتنەوەی ژنان لەکوردستان واقعیەتیکی مەوجودە و دەسەلاتداران ناتوانن خۆیانی لی لابدەن. لەکاتیکدا ژنان نیوەی کۆمەلی‌کوردستان پیکدینن هەموو دەزانین پیوەری بەرنامەی هەرحیزب ولایەنیك بەوەدیاری دەکریت کەتاچەند هەویەتی ئینسانی ژنان بەرەسمی دەناسینی و خۆی بەلایەنگری ئەوپەری ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان دەناسینی. بیگومان ژنانی کوردستان لەهەلومەرجیکی بیوینەی بیّماف و ئاپارتایدی جنسیدا راگیراون، کەچی تەنها رەحمەتی دەسەلاتداران ئەوەندەیە بۆ ژنان کەلەبەندی 23 دا وتراوە، ئەویش بەوحالەوە کە نەقسەیەك لەئازادی‌یەکانی ژنان بکاو نەباس لەپەیوەستبوونی لایەنەکانی نیو لیستی هاوبەش، لەسەر یەکسانی ژن وپیاوبکات. کەدیارە ئەوەش هەنگاویکەو سیاسەتی دەستگرتنی ئیسلامی‌یەکان و دلنەوایی کردینیانی لەپشتەوە راوەستاوە.
بەلام لەبارەی ناوەرۆکی خودی بەندی 23 وە ئەکری لەدووبەشدا باس بکەین: یەکەم، باسی رۆلی ژنان لە بوارەکانداو دوەمیش باسی ئاسودەترکردنی رۆلی دایکان.

لەبەشی یەکەمدا دەبی بپرسین "بەرزکردنەوەی ریژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لەهەموو بووارەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی وکلتووریو.." یانی چی؟ ئایا مەبەست ئەوەیە ژنان دەوریان لەکۆمەلگادا ولەبوورای ئابووری و کاگیری و کۆمەلایەتیدا نییەو لیستی هاوبەش گەرەکیەتی دەستیانبگری؟! یان لیستی هاوبەش ولایەنەکانی شەرم دەیانگری بەشداری ژنان لەحیزب و حکومەت و ناوەندەکانی بریاردا کەمە، وەیا هەرنییە؟ ئەگەر مەسەلەکە حالەتی یەکەمە، ئەوا چاوخشاندنەوەیەکی خیرا بەجێگاو رێگای ژنان لەبووارەکانی بەرهەمهینانی کۆمەلایەتیدا دەردەکەوی کە بەشداری ئەوان بەحوکمی هەلومەرجی سەرمایەداری وبازار لەکوردستاندا بەشداری ژنان مەوجودە، کارگەکانی رستن وچنین، کارگەی دروستکردنی جل وبەرگ و پۆشاك و پاکژی توتن ودەیان کارگەی بچوك و مامناوەندی ئەهلی وحکومی، بەریوەبەرایەتییەکانی وەك پەروەردە وفیرکردن، خەستەخانەکان، بواری کشتوکالی وکاگوزاری ..هەروەها لە بواری کۆمەلایەتیدا ژنان موقعی خۆیان بوە، بەسەدان ژن لە بواری رۆژنامەنوسی نمایش و هونەر و ئەدەبدا دەرکەوتوون، تەنانەت لەبوواری سیاسیدا بزوتنەوەی ژنان و ریزیکی بەرین لە ریکخراوە وسەنتەرەکانی لیکۆلینەوە .. ئەمانە هەموویان دەوری ژن لەکۆمەلگادا نیشان دەدەن وئەوەشی "بەرزکردنەوەی بەشداری ژنان" دەکاتە بەلێن، دەیەویت بەلینیکی درو ببەخشیتەوە ونەهیچی تر. بەلام پیدەچیت مەبەست لەبەشداری ژنان لەبوواری سیاسەت ودەسەلاتدابیت!! ئەمەش دیسانەوە بەلینیکی دروزنانەیە، بەتایبەتی نییە بەوەئاشنانەبی کەژنانی کوردستان بەهۆی خەسلەتی پیاوسالارانەی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردەوە هەمیشە فرسەتی ئەوەیان پێنەدراوە بەشداری لەدەسەلات وپیکهاتی سەرەوەی حزبەکانی ئەم بزوتنەوەیەدا بکات، فاشیزم و کۆنەپەرستی ئایدیۆلۆجی ئەم حزبانە خۆیان سەرچاوەی ئەم واقعیەتەن. ئیحترام دانەنان ونەسەلماندنی شەخصیەتی ژنان و بزوتنەوەکەیان ئەمە تەنها هۆیەکبووە بۆ بەرین نەبوونەوەی بەشداری ژنان لەنیو حکومەت و بەشی سەرەوەی حیزبەکانی کوردایەتیدا، کەخودی خۆیان وەك سیاسەتیك کاریان پیکردووە. کاتی ئەم حزبانە ئیسلام دەکەن بەسەرچاوەی قانونەکانیان، لە هەر مناسەبەیەکدا ئایەتی قورئانی وەك تبریر دەهێننەوە بۆ پاساوی تاوان وسزا، کاتیك دەستی مەلاو ئاغاو کوێخا لەسەر ژیانی ژنان ئاوەلا دەکەن، کاتیك هەر ئەم حزبانە خۆیان رازی بوون بە 25٪ کورسی بۆ ژنان لە دەستوری کاتی عیراقدا دەبی ژنانی کوردستان چی رەچاوبکەن بۆ ئەوەی فرسەتی بەشداریان لەپەرلمان وحکومەت وپیکهاتی بریاردەری ئەم حیزبانەدا، لەچاو پیاواندا بچیتە پیشەوە؟ ئایا دەکری بروا بەبەلینی "بەشداری فراوانی ژنان" لەو حیزب ولایەنانە بکری کەخۆیان سەرچاوەی تەحقیر و سەرکوتی ژنانن؟

بەلام لەبەشی دووەمی هەر ئەم بەندەدا کە ئاماژەیە بۆ "ئاسوودەکردنی ژیانی ژنانی دایك" ، پارتی ویەکیتی ولایەنەکانیتر بەلینی پۆچتر لەوەی یەکەم پیشکەش بەژنان و کۆمەلگادەدەن. لەمبارەوە پرسیار ئەوەیە ئایا دەسەلاتداران مەبەستیانە کاری مالداری و مندال بەخێوکردن وەك کار سەیرکەن و بیمەی بیکاری بۆ دایکان دابین کەن؟ یان بەپەرۆشی بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری دایکانەوە دەبن ودەورەی تایبەتی و بەخۆرایییان بۆ دەکەنەوە؟ حملەی لەناوبردنی نەخوێندەواری بەری دەخەن؟ ئایادەسەلاتداران خانوبەرە بۆ دایکانی کەلەهاوسەرەکانیان جیادەبنەوە فەراهەم دەکەن؟ ئایا سیستەمی چیشتلینان ومالداری کۆمەلایەتی دەکەنەوە تادایکان چیتر پشتیان نەشکی و ئاسوودەبن؟ ئایا لەهەر گەرەکیك رەوزەو حەزانەی خوارایی دەخەنە ئیختیار ژنانی دایکەوە؟ ئایا یاسایەك پەسەند دەکەن کە ژنانی دووگیان بەموچەی تەواو مۆلەتی پیویستەوە لەپشوودابیت و ناچار نەبیت کۆرپە لەبەر بیدەرامەتی و لەدەستدانی کار لەباربەریت؟ بەراستی مەبەست لەئاسوودەیی ژنانی دایك

**چیيه؟ ! ليرەدا پرسيار ئەوەيە چۆن ئەم بەلينە جێبەجێ دەكەن لەكاتێكدا بۆ ماوەی 13 ساله ئەم حيزبانە دەسەلاتيان بەدەستەوەيە و هەموو سەرچاوەيەكی داهات لەبەردەستياندابووە و هيچ كام لەم مەسەلانەش لەراستای ئاسوودە كردنی دايكاندا بە عەمەلی لەخۆيان پيشانيان نەداوە!!**

**راستی يەكەی ئەوەيە كە"ئاسوودەكردنی ژنانی دايك" گۆرينی ژنانە بەمەكينەی خستنەوەی وەچەو سەربازانی كوردايەتی و دوای ئەوەشی "شەهيد" دەبن سەرفترەيەكيان لەبری خوينی كورەكەی پيبدری. ئەمە تەنها خاليكە كەلە بەلينی ليستی هاوبەشی ئەحزابەكانی كوردايەتيدا رەچاودەكری...**

**ژنانی كوردستان نابی كلاوی يەكيتی وپارتی وليستی هاوبەشيان بچيتەسەر، نابی دەنگی ئەوان ببيتە ريگايە بۆ توندكردنەوەی تەوقی هەرئەم حيزبانە كەميژوويەكی رەشيان هەيە، بخريتە گەردنيان. دەبی سەرجەم ژنانی كوردستان و ريكخراوەكانيان لەريگای دەنگ نەدان و بەشداری نەكردنيان لەم هەلبژاردنانەدا، تەوقی سياسەت و بەديلی پياوسالاری وقەومی و شەريعەت و دابوونەريتی دواكەوتووانە بپچرينن و ريگای ئازادی ويەكسانی خۆيان بگرنەبەر..دەبا خۆمان رێكخراوكەين و هەلبژاردن تحريم كەين....**

2005-1-12